"وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

# بۆردومانی ئێران؟

**(بەشی یەکەم)**

نوسەر: پرۆفیسۆر جۆرج مێگڵ 18.01.2006
وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی 04.05.2007

بیر کردنەوە لە شەڕی ئێران

بۆردومانی ئێران؟ ئەم پرسیارە ئێستا ئیتر پرسیارێکی کراوە نیە، پرسیاری کراوە ئەوەیە کە:

کەی؟
کێ؟ ئیسرائیل؟ ئەیالاتی یەکگرتوی ئەمریکا؟ هەر دوکیان؟ یا خۆ وڵاتانی تر؟
کام هەدەفانە؟
چ جۆرە بۆمبایێک؟
بۆچی؟ لە بەر چی؟ و
جیهان بە دوا ئەم بۆردومانەدا چی لێدێت؟



ڕێئاکتۆری ناوەکی بوشهری ئێران لە خەلیج.
وێنەی سەتەلایتی: Space Imagin

## 1- دەلیلەکانی شەڕ:

### 1.1دەلیلەکانی هێرش بردنە سەر ئێران:

ئارەزوەکانی هێرش هێنان بۆ ئێران لە پێش هەموکەسدا، ئارەزوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلن و بە شێوەیێکی نەکراوە ڕانەگەیاندراو ئارەزوی لە مێژینەی ئەمریکایەکانیشە. بە بێ پشتگیری دەوڵەتی

ئەمریکا، هێرش بردنە سەر ئێران لە لایەن ئیسرائیلیەکانەوە، جێگای بیر لێ کردنەوە نیە، واتە نا مومکینە. بەم بۆنەوە لە ئەوەڵەوە تەمەرکوز (تەرکیز) دەکەینە سەر دەلیلەکانی ئەمریکا بۆ شەڕ.



یاری بردنەوە:

1.1.1 دەلیلی ڕەسمی و سەرەکی ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ شەڕ لە حالی حازردا هەر ئەو دەلیلانەن کە 3 ساڵ لەمەوبەر لەمەڕ عێراق باسیان دەکرد. بڕوانە ئەم نوسراوەیە. (بیر کردنەوە لە شەڕی عێراق) دەلیلەکەیان دو جوزئی هەبو:

1. ڕێک لە سەر وەخت – بە ئیحتیمال- بەری ئەو کابوسە (خەوە ناخۆشە) بگرن: چەکە کۆمەڵکوژیەکان بۆیان نیە بکەونە دەست گروپە تێرۆریستیەکانی وەک ئەلقاعیدە. ئێران بەو شێوەی کە ئیسباتی دەکەن، پشتیوانی لەم جۆرە گروپانە دەکات. کە واتە...
2. ئێرانێکی خاوەن چەکی کۆمەڵکوژی هەر خۆی بە خۆیەوە تەهدیدێکە بۆ ئاشتی جیهانی.

1.1.2 هەروەها *بورهانە نیوە ڕەسمیەکانیش* دوپات دەکرێنەوە. ئەو بە ئاشکرا لە سەر قوربانی سەرەکی ئەم تەهدیدانە ڕون دەبێتەوە: ئێرانێکی چەکدار بە چەکە کۆمەڵکوژیەکان گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتی ئیسرائیل. بە تەنیا یەک بۆمبی ناوەکی لەوەی کاتی خۆی ئەمریکا لە هیرۆشیمای دا بۆ شاری تێل ئاڤیڤ بەسە و ئیتر وڵات و دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ هەمیشە بە مێژو دەسپێردرێت. کەواتە...

1.1.3 هەروەها بورهانە ڕیشەییەکە هەر ئەوانەن کە لە ئاخرین شەڕەکانی خەلیج دوپات دەکرانەوە. ئەویش حاڵەتی ستراتێژی ناوچەکەیە: ئەو شتە پێشبینی کراوەیە، کە چاوی هەمو جیهانی بۆ سەدەی لەپاشماوەی داهاتو بە جوڵەجول و هەیەجان ختووە: بۆ ڕۆژئاواییەکان کۆنترۆڵی مەنبەعە ژێرعەرزیەکان (لە پێش هەموشتێکدا نەوت و گاز) و هەروەها "ڕۆژئاوای ناوەڕاست" – بە تایبەت خەلیجی باشوری ئێران و دەریای خەزەر لە باکوری ئێران- زەڕورەتی ژیانن بۆیان. حکومەتێکی ئێرانی کە ڕێگای کۆنترۆڵی ئەم ناوچە نادات بە کەس و خۆشی بە دڵی ئەوان بەکاری ناهێنێت، بە کردەوە هەڕەشە لە عەسەبە حەیاتیەکانی بازاری ئازادی جیهانی دەکات. کە واتە...

1.1.4 هەر کام لەم دەلیلانەی شەڕ – بە تایبەتی بۆ ئەمریکا- خۆیان لە خۆیاندا بە تەنیایی تەواون بۆ شەڕ. ئەم شتە هەڵخرینەرانە وەکو "شەڕی دژی تێرۆر"، "قایمکردنەوەی ئاشتی جیهانی"، " زەمانەتی ژیان و مانەوەی ئیسرائیل"، و هەروەها "ستراتێژی ناوچەکە" هەمویان تەواکەری یەکترن و هەمو ئەمانە سەرجەم هەلخرێنەری ڕۆژئاواییەکانن.

1.1.5 من لێرە ناچمە سەر دەلیلە ستانداردەکان. ئەوەی کە ئەم سیستەمە تێکەڵاو و سەرسوڕهێنەرە نیزامی و سەنعەتیەی ئەمریکا، و هەروەها سەرجەم ئابوری ئەو وڵاتە، بەس بە شەڕێکی دیکەی بە تێکنۆلۆژی باڵاوە دوبارە بە جوانی دەکەوێتەوە کار.[1]

[1] وەرگێر: خەتی تاکیدی لە منەوەیە!

ئەمانە لەو دەلیلی تایبەتی شەڕانەی کە بۆ ئێران باسی دەکرێت کەم دەکاتەوە، ئەگەر چی بە قازانجی ئێرانیش تەواو نەبێت.

1.1.6 ئەم دەلیلی شەڕ و هێرشانەی ئەمریکا، ڕێک هەر ئەوانەشن کە ئیسرائیلیش دەیان لێتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا کە ئیسرائیل بێجگە لەمانە، دەلیلی ئەوەی کە خۆی لە هەڕەشەی نەماندا لە لایەن ئێرانەوە دەبینێت، دەکاتە نێوەرۆکی ئەسڵی هێرشەکەی. بەمانە ئەوەش زیاد دەکات کە ئیسرائیڵ بە هەرچەندێکی کەمیش زەعیفتر بونەوەی ئەمرۆی هێزە نیزامیەکانی لە هەمو ناوچەکە – لانیکەم لە هەمو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست- بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی چاو لێدەکات. ئەمە خۆی جێگای تێگەیشتنە، کە ئیسرائیڵ وا بیر دەکاتەوە کە، لە شەرایەتی ئێستا و ناوچەکەدا، ئەمە تەنیا ڕێگای مانەوە و درێژەدان بە ژیانیەتی. ئەمە بە تایبەت بۆ ئیسرائیل بە سەر هەمو دەلیلەکانیتر، دەلیلێکی تریشە بۆ هێرش بردنە سەر ئێران و بۆردومانی ئەو وڵاتە.

## 1.2 تەرەفی بەرانبەر

لە دید و بۆچونی ئێرانەوە، جیهان جۆرێکی تر دەبیندرێت. لە بۆچونی ئێرانەوە، ئەوە بەس ئارەزوەکانی ئێرانن کە لە حالی حازردا هەڕەشەیان لێ دەکرێت.

1.2.1 زەخیرە ژێرعەرزیەکانی هەر وڵاتێک بە پێی نەزمی تا ئێستا داڕێژراوی جیهانی، هی ئەو وڵاتە خۆیەتی. (تێڕوانینی کەسایەتی (خسوسی) کردنەوەی زەخیرە گشتیەکان – بۆ نمونە نەوت و ئاو و گاز و بەو شێوەی کە چاوەڕوان دەکرێت دواتر هەوای هەڵمژینیش- لە وڵاتانی ئێران و هەروەها چەند وڵاتی ئیسلامی تریش تا ئێستا بەو شێوەی کە لە وڵاتە لیبێراڵەکانی رۆژئاوایی چوتە پێشەوە، نەبووە. نەتیجە ئەوە دەبێت کە:

**ئەلف)** دەست پێداگرتن و مەعامەلە لە سەر چاڵە نەوتیە دەوڵەمەندەکانی ئێران ئاسان نیە.

**ب)** هەر جۆرە کۆنترۆڵ کردنێکی چاڵە نەوتیەکان لە لایەن تەرەفێکی سێهەمەوە بە شەرتێک کە ئێران بۆخۆی بۆی دیاری نەکردبێت، بە مانای بردنە ژێر پرسیار و نەدیتنی مافی حکومەتکردنی ئەو وڵاتە بە سەر عەرزی خۆیدا دەژمێردرێت.

1.2.2 تەنانەت ئەگەر ئێران بە بۆنەی (بە چەکی) نەوت و گازەکەی بە کردەوە مافی حاکمیەتی خۆی بۆ درێژماوەش سەقامگیر کردبێت، بەڵام بە بێ سادرکردنی (فرۆشتنی) نەوت و گازەکەی – واتە مەنبەعی ئەسڵی داهاتی ئێران- هەم سەنعەت و هەم ئابوری ئێران ناتوانێت لە سەر پێی خۆی بمێنێت و زیندو مانەوەی مەحاڵە. (وەزعیەتی ئێستای بەکاربرانی (مەسرەفی) ناوخۆیی لە بەراوەرد کردن لە گەڵ سادرات 50:05 یە- بە مانایێکیتر ئەمە بۆ ئێران شتێکی باش نیە.) ئەگەر ئێمە قەزیەکە بە جۆرێکیتر هەڵسەنگێنین: ئێران بە ڕاستیی پێویستی بە مەنبەعێکی وزەی دیکەیە، و لە بۆچونی خۆیەوە ئەو وزە، وزەی ناوەکیە. بە دەلیلهایێکی زۆر بە قازانج، ئێرانیش نایەوێت شتێکی جیاوازتر لەوەی کە وڵاتە پێشکەوتووە سەنعەتیەکان دەیکن، واتە گەردیشی ناوەکی بەستراو، بکات، بە کورتی یانی: مەکینە دوبارە قابیلی ئامادە کردنەوەکان.

ئەوە خۆی ماناکەی بە خۆیەوەیەتی، کە سەربەخۆیی ئابوری و هەروەها سیاسی ئەو وڵاتە، بەس تەنیا بە بەکارگرتنی ئەو جۆرە مەکینانە دەتوانرێت زەمانەت و سەقامگیر بکرێت. (وڵاتی

ڕوسیە وەک زەمانەتی ناردنی وزە؟ یا خۆ وڵاتی دراوسی ئازەربایجان؟ چەند ریسکێکی گەورەیە ئەمە!)

1.2.3 ئێران بۆخۆیشی مانا و پێگەی ژێئۆپۆلیتیکی خۆی دەناسێت. کە هەم وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەم وڵاتانی ڕۆژهەڵات (بە تایبەت وڵاتی چین) بە ئەندازەی یەک بە مەنبەعە ژێرعەرزیەکانی ئێران وابەستەن، ئەمە بۆ ئێران بەمانای ئەوەیە کە خۆی، بەو پێش شەرتە کە ئەو خۆیشی لە فرۆشتنی ئەم مەنبەعانە قازانج دەکات، گەورەترین سەرکەوتن یا خۆ زۆرترین زەرەر، ئەگەریش بەم زەرەرە سەری تیا نەچێت. لەم ئالتێرناتیڤەی ئاخر بە شەرتێک بەرگری دەکرێت کە، ئێران بتوانێت لە سەر زۆر و ئیجباری دەرەوەیی لە خۆی بەرگری بکات. ئێران بۆ ئەم مەبەستەی یا دەبی لە سەر هێزێکی بە هێزی سێیەم (هێزێک کە وەک خۆی بیر بکاتەوە) بۆ پشتیوانی لە خۆی کەڵک وەرگرێت، یا خۆ دەبێ خۆی هێندە بە هێز بێت کە بتوانێت بە تەنیا بەرگری لە خۆی بکات. لە هەمو باشتر ئەوەیە کە لە هەردو ستراتێژی کەڵک وەرگرێت.

وڵاتی چین باشترین دۆستە بۆ مەبەستی یەکەم – و ئێران بە کردەوە لە گەڵ هیچ وڵاتیکی تر لە چەند ساڵی ڕابوردودا بە ئەندازەی وڵاتی چین رابیتەی ئابوری و زۆر شتی تری نەبردۆتە سەرەوە. بەڵام وڵاتی چین هێشتا هێندە بە هێز نیە کە بتوانێت لە گەڵ وڵاتێکی وەکو ئەمریکا بچێتە شەڕی ئابوری.

بەم حیسابە بەس ئالتێرناتیڤی دوهەم دەمێنێتەوە. ئێران پێویستی بە پتانسیێڵی ترساندن و حەول و تەقەلاکانی خۆیەتی. بەم شێوە و بە لە بەر چاو گرتنی هەر هەمو ئەو بەڵگانەی کە دژی ئێران دەدرێنە دەرەوە، ئێران پێویستی بەوەیە کە بیر و بۆچونە ناوەکیەکانی خۆی بەرێتە پێش لە مەڕ دروست کردنی بۆمبی ناوەکی. بۆ ئێران ئەبەدەن عەقلانی نابێت ئەگەر بێت و چاوپۆشی لە هەمو بەرنامەکانی خۆی بکات. کەواتە.....

(پرسیارێکی بونیادی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە: تا چ حەدێک حماقەتی وڵاتە بەهێزەکان دەتوانرێن لە لایەن وڵاتە زەعیفەکانەوە تەحەمول بکرێن؟)

1.2.4 شتێک کە زۆر جێگای سەرنجە ئەمەیە کە: مەوقیعیەتی ئەمنیەتی ئێران لە چەند ساڵی ڕابوردودا بە شێوەێکی خراپ بە زەرەری ئێران گۆڕدراوە. ئێران ئێستا بەس ئەو ئێحساسەی نیە کە لە لایەن هێزە غالبە قودرەتمەندەکەی ئەمریکا دەوری گیراوە، بەڵکو ئەمە بە کردەوە وایە. (وەرگێڕ: بڕوانە ئەم وێنەی خوارەوە)




وەرگێڕ: ئێران بە کردەوە لە لایەن ئەمریکایەکانەوە دەوری گیراوە

ئەفغانستان و پاکستان لە ڕۆژهەڵات، عێراق و کویەت لە ڕۆژئاوا، لە باکوری ڕۆژهەڵات تورکمەنیستانی بێ سوبات، لە باکوری ڕۆژئاوا وڵاتی ئەندامی ناتۆ تورکیا، هەروەها قەراغێکی بچکۆلە لە ئەرمەنیستان و ئازەربایجان، کە زەخیرەی نەوت و گازەکەیان هەر ئێستاکەش لە لایەن شیرکەتە گەورە ڕۆژئاواییەکان بە تالان دەبردرێن، لە باشور و لەو بەری خەلیجەوە وڵاتانی قەتەر و عەمان و ئەمارات و هەروەها عەرەبستانی سعودیش.

1.2.5 ئیزافە لەوە: لە مەنتەقەکە دو هێزی ئەتومی دیکەشی لێیە، لەوانە دراوسێی هاومەرز پاکستان و لەو لاوەتریش دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەگەر ئەو دو وڵاتە توندڕەوی ئەتۆمییان نەکردبا، ئەوی ئێران ڕای خەڵکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بۆچی دەبێ ئێران بەو هەمو مێژووە پڕ لە شانازی و غورورەوە لە گەڵ ئەو دو وڵاتەی تر فەرقیان بخرێت؟

1.2.6 لە ئاخرەوە دەبێ بڵێین: کە ئێران و ئیسرائیل، لە گەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندی ئابورییان پێکەوە هەیە، دوژمنی یەکن. ئیسرائیل هێزێکی ئەتومییە و لەو بارەوە لە قۆناغێکی بەرزی سەنعەتی دایە. ئێران تاکو ئێستا خاوەنی هیچ شتێک لەم بابەتەدا نییە و لەو قۆناغە نزیکیش نەبۆتەوە. بەم دەلیلە تەهدید و هەڕەشە دولایەنەکانی ئەم دو وڵاتە لە یەکتر لە سەتحێکی نابەرابەردایە. بەم شێوە مەترسی تەهدیدی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران زۆر گەورەترە لە مەترسی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل.

## 1.3 نەتیجە چی دەبێت و کێ ئەم کارە دەکات

1.3.1 بۆ هەر دولا گرینگی باسەکە، باسی مان و نەمانە، هەر دو باسەکەش بە تەواوی جیاوازییان هەیە لە گەڵ یەکتر. کەواتە....
کەواتە چی؟ وڵامی وڵاتە بە هێزترەکە لە ڕوی مەنتیقی خۆیەوە بەم پرسیارە بەس یەک شتە، ئەویش هێرشی نیزامی و بۆردومانی ئێرانە!

1.3.2 لایەنە بە هێزترەکان: ئەمانە ئەمریکا و موتەحیدەکانی تریەتی، بەم حیسابە وڵاتەکانی ئەندامی ناتۆ (بە ئیتمینانەوە ئەم جارەش وڵاتی بریتانیا لە ڕەدەی یەکەم دایە) و هەر وەها چەندین وڵاتی تری دێمۆکرات و غەیرە دێمۆکڕاتیش لەوانە موتەحیدە دژە تێرۆریزمەکانی ئەمریکا لە مەنتەقە و لە گەڵ هەمو ئەمانەشدا، ئیسرائیل شانبەشانی ئەمریکا. هەر وەک لە خاڵی 1.1.6 لە سەرەوە باسی لێ کرا.

کام لایەنە یەکەم جار هێرشەکان دەست پێدەکات؟ ئیسرائیل لە مانگی (شەشەمی زایینی) ژوئێنی 1981 نیروگا ئەتۆمییەکانی عێراقی بە ناوی Osirak، کاتێک کە ئەو نیروگایانە لەو کاتەدا لە ئاستی ئێستای نیروگاکانی ئێراندا بون، بە تەنیایی و سەربەخۆ بۆردومان کرد. بۆردومانی ئێران بەڵام دەبێت لە کالیبر یا خۆ ئەندازەیێکی گەورەتر و بەرفراوانتردا بکرێت. تا ئێستا قسە لە بۆردومانی نزیک 30 دانە نیروگای ئەتۆمی لە ئێران دەکرێت. بەڵام ڕاپۆرتێک لە بارەی پلان و چۆنیەتی بۆردومانەکان لە لایەن ئەمریکاوە، لە مەقالەیێک بە ناوی Will iran be Next? (ئایا ئێران هەدەفی دواترە؟) لە نوسینی جیمز فالۆوز لە سایتی The Athlantic بڵاو کراوەتەوە. ناوبراو لەو مەقالەیەدە باسی 300 هەدەف بۆ بۆردومان لە لایەن ئەمریکاوە دەکات. کە دەکوترێ لەو هەدەفانە 125 دانەیان، شوێنی ئەنبار کردن و دروست کردنی چەکی کۆمەڵکوژی آ . ب . س – یێن. یا خۆ (ABC Waffen)!




1.3.3 ئیسرائیڵ نە تەنیا دەتوانێت بە تەنیایی ئەم هێرش و ئۆپێراسیونە گەورە بەرێتە پێش و بە باشترین شێوە تێیدا سەرکەوێت، بەڵکو هێرشی لەمە گەورەتریش دەتوانێت بەرێوە ببات. بەڵام بە هەمو ئەمانەشەوە: ئەم کارە شتێکی زۆر غەیرە عەقڵانی دەبێت، کە ئەگەر ئێسرائیڵ هەمو دوژمنایەتی و تۆڵەی ئێرانیەکان بەلای خۆیدا و بە دژی خۆی بشکێنێتەوە. بەم جۆرە ئەمریکاییەکان هەر لە سەرەتاوە لە هێرشەکاندا بەشداری دەکەن – هەروەها یەکەمین هێرشەکان لەوانەیە هەر ئەمریکا بۆخۆی بە تەنییایی بە رێوەی بەرێت و لە کاناڵی تلویزیۆنی CNN یش راستەوخۆ بە خەڵکی جیهانی نیشان بدات. ئەمەی دوهەمیان زۆرتر لە هێرشی تەبلیغاتی بۆ بردنەوەی شەرە رۆژنامەگەرییەکان و پرۆپاگەندەی شەر دەبێت، کە ئەمەش زۆر جار لە شەرەکاندا پێویست و زەرورن.

# 2. شەر بەڵام پرۆنتۆ

درێژەی هەیە.........!

**کورتەێک لە سەر نوسەر:** پرۆفیسۆر جۆرج مێگڵ، پرۆفیسۆری فەلسەفەیە لە دانشگای لایپتزیگی ئاڵمان. ئەو بابەتانەی کە ناوبراو زۆرتر گرینگی و قورساییان دەخاتە سەر بریتین لە: ئیرتیبات و مەعاشیرەت، جیهانگەرایی بەکۆمەڵ و تێرۆریزم.

سەرچاوە: http://www.heise.de/tp/r4/artikel/21/21802/1.html